کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان

Kurdistan National Congress (KNC)

Kongrey Nîştmanîya Kurdistan

**WKA, Palingswich House, 241 king Street, London,**

**W 6 9 L P, U K. E-mail; wka@knc.org.uk**




# پەیامی دەزگەی ڕاگەیاندنی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان بۆیادی ۱۱۲ ساڵەی ڕۆژنامەگەریی کوردیی!

## نووسەران و ڕۆشنبیرانی هێژا و وڵاتپارێز!

**لەڕۆژی ۲۲ی ئاپریلی ساڵی ۱۸۹۸، مێقداد مەدحەت بەدرخان، یەکەم ڕۆژنامەی کوردی بە ناوی "کوردستان" لە قاهێرە چاپو بڵاوکردەوە. لەوکاتەوە تاکو ئەمڕۆ، ڕۆژناگەریی کوردیی، چەند قۆناخێکی بەخۆیەوە بینیوە.**

گۆڤاری **"ژین"** و **"ڕۆناهی"** لەساڵانی پاش کۆتایی جەنگی جیهانیی یەکەم لەباکوور، **"ڕۆژی کورد و شەوی عەجەم"** زمانڕەوشی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی **سمکۆی شکاک** لە ساڵانی 1921 -1919 ، ڕۆژنامەی **"بانگی حەق"** لەسەرەتای ساڵانی بیستەکانی سەدەی ڕابوردوو کە زمانڕەوشی **حکوومەتەکەی مەلیکی کوردستان شێخ مەحموود نەمر بوو،** گۆڤاری **"نیشتمان"** زمانڕەوشی **"کۆمەڵەی ژێکاف"** لەساڵی 1943، **هەروەها** گۆڤاری **"کوردستان"**، کە لەسەردەمی کۆماری سەربەخۆی کوردستان بەسەرۆکایەتیی **پێشەوا قازی محەممەد، هەتاکو نیوەی سەدەی ڕابوردوو** بڵاوکراونەتەوە. ئەمانە، لەگەڵ چەندین گۆڤار و ڕۆژنامەی دیکە لەشار و هەرێمە جیاجیاکانی کوردستان، لەوکات و سەردەمانەدا هەموویان لەخزمەتی بیری ڕزگاری و سەربەخۆیی کوردستاندا بوون و، وەک ئەرشیڤ و بەڵگەنامەیەکی بەنرخ بۆمان بەجێماون.

قۆناخی دووەمی ڕۆژنامەگەریی کوردیی، هاوکات لەگەڵ سازکردنی حیزب وریێکخراوەی سیاسیی کوردیی لەدوای دووەم جەنگی جیهانییەوە دەستپێدەکات، کە ڕۆژنامەگەریی کوردیی لەلایەن حیزبەکانەوە بەکارهێنرا بۆ خستنەڕووی چالاکیی حیزبی و، بڵاوکردنەوەی هەڵوێست و ڕوانگەی سەرکردەیەتیی حیزبەکان. لەبەر ئەوە، لەماوەی نێزیک بە 60 ساڵی ڕابوردوودا، زۆربەی زۆری ئەو هەزاران نووسەر و ڕۆناکبیرانەی کە ڕوویانکردە حیزب و ڕێکخراوەکوردییەکان، بەرە بەرە لەئامانج و ئەرکی ڕاستینەی خۆیان کە ڕۆشنبیرکردنی جەماوەری گەلەکەیان و، خزمەتی بیری ڕزگاریی کوردستان بوو، دوورکەوتنەوە و، کەوتنە ڕازاندنەوەی ئەو درۆشم

وبیرۆکە چەوت و نانەتەوەییانەوە کە لەلایەن سەرکردەیەتیی حیزبەکانەوە پێرەودەکران و، بەنووسینەکانیان بوون بە ئاگرخۆشکەری ئەو شەڕەنێوخۆییانەیکە بەهۆیانەوە دەیانهەزار رۆڵەی کورد، بەدەستییەک هاتنەکوشتن. گەلێک مخابن ئەم دیاردەیە لەسایی حکوومەتی دووحیزبەکەی باشووری کوردستان، زیاتر پەرەی سەندووە و، بە بووجەی خەڵکی رەشوڕووتی کوردەواریی، چەندین کاناڵی تەلەفزیۆن و رادیۆ و دەیان گۆڤار و رۆژنامە و چەندین هەزار فەرمانبەر و نووسەر دامەزراون و، کاریان تەنیا ئەوەیە چالاکی حیزب و دیدارەکانی سەرۆک و وتەکانی سەرکردەیەتیی حیزبەکانی خۆیان بڵاوبکەنەوە.

لەچارەکە سەدەی رابوردوودا، گەلێک گۆڤار و رۆژنامەی سەربەخۆی ناحیزبیی لەدەرەوەی وڵات سەریانهەڵدا، بەڵام هەریەکە و پاش ماوەیەک بەهۆی لاوازیی باری دارایی و پشتیوانینەکردنی نووسەر و، پەنابەری کوردی دانیشتووی ئۆروپا لێیان، داخران. پاش رووخانی رژێمی داگیرکەری عێراق، بەتایبەتیی لەساڵی 2003 بەملاوە، چەندین رۆژنامە و گۆڤار و کاتنامە و، حەفتانەی سەربەخۆ و نیوەسەربەخۆ لەباشووری کوردستان دەستیان بەوەشانکردووە و، سەرەڕای هەڕەشەلێکردن و چاوسۆرکردن و گرتن و دارکاری و، هێندێک جاریش زیندانیکردن و تێرۆری رۆژنامەنووسان لەلایەن ئاسایش و پۆلیسی حکوومەتی هەرێمەوە، کۆمەڵێک لەم رۆناکبیرانە بەوپەڕی هەستکردن بە ئەرکی مرۆڤی و رۆشنبیری و نەتەوەیی خۆیان، خزمەتی بەرچاویان بە هۆشیارکردنی کۆمەڵانی رەشوڕووت وماڤخوراوی گەلەکەیان کردووە.

**دەزگەی راگەیاندنی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان**، کە زمانڕەوشی هەموو نووسەران و رۆشنبیرانی سەربەخۆییخواز و خاوەنهەڵوێستی گەلەکەمانە، یادی 112 ساڵەی رۆژنامەگەریی کوردیی، لەسەرجەم رۆژنامەنووسان و، نووسەرانی نیشتمانپەروەری کورد پیرۆزبایی دەکات. هەروەها ئەم یادە لە هەموو نووسەران و چالاکانی بوارەکانی مافی مرۆڤی کورد و رۆشنبیرانی نێوخۆ لەهەموو بەشەکانی کوردستاندا پیرۆزدەکات کە لەپێناو بەرێوەبردنی ئەرکی پیرۆزیان، لەزیندانەکانی رژێمەکانی داگیرکەری کوردستاندان، یان لەلایەن دەسەلاتدارانی چاوچنۆک و کورتبینی خۆییەوە ئازاردەدرێن و، بەرەورووی نانبڕین و مەترسیی دەبنەوە.

زەردەشتی مەزن دەبێژێ: **"ئەز دەچم بۆ شەڕ، بەڵام لەباتی شمشێر، رۆناکیی لەگەڵ خۆم دەبەم و، تاریکیی پێ لەنێودەبەم!".**

**سیروان کاوسی، بەرپرسیاری راگەیاندنی**

**کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان**

23/4/2010

**KNC**
**P.B. 205 Holmlia**
**1204 Oslo, Norway**
**www.knc.org.uk**
**0047 - 93839953**
**www.kncsite.com**
**knc@ribrahim.de**
**post@kncsite.com**